# پرسیار ؟

**کامیل ژیر**

**دەست و مەچەک و پەنجە بلورینێ**

**لەگوڵزاری باخێکا**

**بەتۆزێ پۆزو نازەوە**

**بەشێوازی شازادانە**

**لایەکی پەرچەمی لادا لەسەر چاوی**

•

**چاوێ کە سروشت نەیدیوە تا ئێستا**

**لەهیچ رۆژو چاخێکا**

**مەگەر لە وێنەسازەوە**

**بنەخشێنێ ئازادانە:**

**چاوێکی وا بەهەژمون و تەلیسماوی!**

•

**گوڵانی باخ**

**گەشوپەرداخ**

**لە شەرمانا ناسروشتی هەڵوەرین**

لەڕێگەیدا بونە فەرشی  سەرزەمین

•

ئا ئەو چاوە

هەر لەو ناوە

بەتیری برژانگی تیژی پێکامی

لە بەر پێیا ڕاکشام و شێلامی

کەوتمە  داوی   تاڵی  برۆی

بێ دەربەستی،هەڵهات و ڕۆی!

بە تەنیا مامەوە

بە ئێشی زامەوە

لە نێوانی دەست و پەنجەو نیگای مەستا

ئەمناڵان

هەمو  بیر و  ئاوەزیشم  تەواو  وەستا

بێ بزوان

وێنەی دیلێکی دەمودو بەسراو، ئەمپرسی

ناوی ئەو شێرە شەڕەنگێزە،  یا ئەدرێسی!

•

تۆبڵێی  جارێکیتر ئەو چاوانە  ببینمەوە!؟

بەو دەسوپەنجانە،ئاهێ بڕژێتە برینمەوە!؟